The Greater Toronto

# Kurdish House

Unit 201 – 1658 Victoria Park Ave, Toronto, ON M1R 1P7
Tel: 416 850 1746 www.kurdishhouse.org

## ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ ڕێز لە ناسری ڕەزازی دەنێت

ئێوارەی شەممە 2007/6/23 لە نووسینگەی ماڵی کورد لەتۆرۆنتۆ کۆڕێکی تایبەتی بۆ هونەرمەندی ناسراوی کورد ناسری ڕەزازی بەڕێوەچوو ، لەو کۆڕەدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردستانیانی تۆرۆنتۆو دەوروبەری ئامادەبوون  ڕەزازی باسێکی لەبارەی هونەری کوردی وکێشە وئاستەنگ وگرفتەکانی بەردەم گۆرانی ومیوزیکی کوردی پێشکەش کرد .

لەسەرەتای کۆڕەکەدا ڕەزازی کورتە باسێکی لەبارەی ڕەوشی رامیاری ئەمڕۆی کوردستان پێشکەش کرد وگوتی سەڕەرای کێماسی و کەموکورپییەکان پێویستە پشتیوانی لە ئەزموونی دەسەڵاتدارێیتی باشووری کوردستان بکرێت وبەرەوپێشەوە ببرێت، هەروەها داواشی لەسەرجەم هێزولایەنە کوردستانییەکان کرد کە یەکگرتوو تەبا بن و بایەخ وگرنگی بە بیروهزری نەتەوەیی وکوردستانی بدەن.

لەبارەی میوزیك وگۆرانی کوردیشەوە ئاماژەی بەوەدا کە هونەری گۆرانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە ونەتەوە سەردەستەکانی وەك عەرەب وتورك وفارس خەریکی بەتاڵانبردنی گۆرانی ومیوزیکی کوردین، هەروەها نیگەرانی خۆشی نیشاندا بەرامبەر بەو گەڕەلاوژێ وزۆری وبۆریەی ئێستا لەبواری گۆرانی کوردیدا هەیە کەبەپلەی یەکەم تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لێی بەرپرسن کەگۆرانی زۆر لاواز وکالۆکرچ بڵاودەکەنەوە ، هەروەها داخی خۆشی دەربڕی کەتا ئێستا لە کوردستان ستۆدیۆیەك نییە بۆ تۆمارکردنی گۆرانی ومافی هونەری هونەرمەندان وکۆپی رایتیش پارێزراونییە وئەمەش زیانێکی زۆر بەهونەرمەندان دەگەیەنێت .

لەکۆتایی کۆڕەکەدا ڕەزازی وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوەو لەلایەن ماڵی کوردیشەوە ناسری ڕەزازی وەك هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەر ڕێزی لێگیراو خەڵاتێکی پێشکەش کرا.

**ڕاگەیاندنی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ**







The Greater Toronto

# Kurdish House

Unit 201 – 1658 Victoria Park Ave, Toronto, ON M1R 1P7
Tel: 416 850 1746 www.kurdishhouse.org





